

ئیتر ئاسك بە زەرافەی وت: هاوڕێ، هەر کەسێك بێ یارمەتی وەرگرتن بەشداریی لە کارو قسەی کەسانی تردا بکات چی لێ بکرێت باشە؟
مەیمون یەکسەر وەڵامی دایەوە: هەردوو دەست و دەمی ببەستی و لە شوێنێکی چۆڵدا بەجێیبهێڵێت. ئنجا بەدەم پێکەنینەوە ئاسك و زەڕافە بە پەڕۆیەك دەست و دەمی مەیمونیان بەستەوەو وتیان: ئا بەم شێوەیە؟! ئەویش چونکە دەم و دەستی بەسترابوو سەرێکی بەلێ راوەشاند.



ماوەیەك مەیمون بەو شێوەیە مایەوە، کە بێزار بوو بە نرکەنرك هەوڵی ئەوەی ئەدا کە بڵێ بمکەنەوە.
ئاسك وتی: هاوڕێ، ئەوەی مەبەستمان بوو تۆ بووی. ئەوکردارە ناشیرینە لە تۆدا هەیە، بۆیە وامان لێکردی، بەڵام ئێمە نەمان بردیتە شوێنێکی چۆڵ، هەر لای خۆمان دامانناى.



کە دەست و دەمیان کردەوە، مەیمون وتی: هاوڕێیان، تۆببە. بە ڕاستی خۆهەڵقورتاندن لە قسەو کاری خەڵکییەوە کردارێکی ناشیرینە. سوپاسی ئێوەش دەکەم کە ئاگادارتان کردمەوەو منتان والێکرد کە هەرگیز بە لای کاری وا ناشیرین و ناپەسەندا نەچم.

عەل حەمە رەشید بەرزنجی
وێنە: سەرتیپ فەتاح